# چۆن ژووری نووستنت رۆمانسی دەکەی؟








دیکۆری ماڵ پابەندە بە جوانی و رازانەوەیەکی تێکەڵ لە دیکۆری ماڵ و شێوازی دانانی کەرستەکان، ئەمەش پەیوەندییەکی گەورە نێوان هەڵبژاردنی شێواز و دیکۆرێکی شایستە بۆ ژوورەکانی ماڵ دەوەستێت، بە تایبەت کاتێك باسی ژووری نووستن دەکەین، دەبێ بە دیکۆرێکی نەرم و جوان ئامادەبکرێت چونکە جێگەی حەسانەوە و پشووە، لێرەدا باسی تازەترین دیکۆری ژووری نووستن دەکەین و لەگەڵ چەند وێنەیەکی جوانی ئەو دیکۆرە نیشان دەدەین.

ئەم جۆرە دیکۆرە بە دیکۆری (رۆمانسی ژووری نووستن) ناسراوە، ئەوەی جوان بێت لە رەنگێکی نزیك لە رەنگەکانی گوزارەشت لە رۆمانسی و هەست و سۆز ئامادەکراوە، لەگەڵ ئەوەی رەنگە هێمنەکانی تیایدا بەکارهێنراوە، بۆیە بە دیکۆرێکی ناسك و هێمن دادەنرێت بۆ ژووری نووستن.



# لێوەکانت جوانی رووخسارتن

شێوازەکانی جوانکاری و گرنگی دان بە رازاندنەوەی لێو بە ماکیاژ و بۆیەیەکی جوان، جوانی لێو هۆکارێکی سەرەکییە لە رازاندنەوەی رووخساری خانمان، لەگەڵ ئەوەی رێگەیەك دەردەخات بۆ گونجاندن و هاوسەنگی ماکیاژی رووخسار. زۆربەی پسپۆران دەڵێن : جوانی لێو سەرچاوەیەکە بۆ کرانەوە و درەوشانەوەی جوانی رووخسار، چونکە شێوەی لێو لەگەڵ رەنگەکەی دەبێتە جوانییەکی ناسك بۆ خانمان.



بۆیە دەبێ بە چاکترین شێواز جوانی لێو بپارێزرێت و هەنگاوی جوانتری بۆ بکرێت، لەگەڵ دانانی رەنگی تایبەت بۆ ماکیاژ و کاتی گونجاو. چەند ریسایەك هەیە لە جوانکاری لێو ئەوانەن :

- رەنگی کراوە و نەرم لێوەکان بە گەورەیی نیشان دەدەن، بۆیە بۆ ئەوانەی لێویان گەورەیە لەم رەنگانە دوور بکەونەوە.
- رەنگی لێو بە شێوەیەکی هەرەمەکی (عشوائی) هەڵنابژێردرێت، بەڵکو دەبێ لەگەڵ رەنگی ماکیاژی رووخسار بگونجێت.
- گرنگی دان بە فلچەی بۆیە و ماکیاژی لێو هەنگاوێکی سەرەکییە بۆ جوانی لێوەکانت.
- رەنگەکانی بەبێ بریقە و تۆخ لێو بە بچووکی نیشان دەدەن.
- قەڵەمی هێڵکاری لێو بە جوانی هەڵبگرە و مەهێڵە پیس بێت.
- رەنگی سوور بۆ لێو لەگەڵ رەنگی گشت پێستێك دەگونجێت، ئەمەش ریزبەندی یەکەمە لە جوانی مۆدە.
- جوانترین رەنگ بۆ لێو، رەنگی گوڵی و سوورە، ئەمەش دەبێ کاڵ بێت نەوەك تۆخ !










# مۆدەی ئێلەگ و چاکێتی کورت

مۆدەکانـــی جلوبەرگ بە جۆرێـــك دەبێتە هێمای جوانی و ڕێگەیەك لە مۆدەیەکی ناســـك بۆ خانمان، ئەمەش کاتێك وادەردەچێـــت ئەگەر مۆدەی جلەکە لەم شـــێوە ناســـکانە بێت، ئەوانەی وەك مۆدەیەکی یاریدەر یان جلێکی جوانکاری، مەبەستمان لە جلی لەم جۆرەیە بە (چاکێتی کورت – ئێلەگ ) ناسراوە. ئەم جۆرە مۆدەیە شێوازێکی ناسك و سەرەنجراکێشی پێوە دیـــارە لەگەڵ جوانکردنی جلی دیکەش یەکێك لە سوودەکانی ئەم مۆدەیە.

بەرەو وەرزی بەهـــار ڕێگەدەگرین، بەمەش مۆدەی ئێلـــەگ یان چاکێتی کورت ســـەرهەڵدەدات. بۆیە ئـــەو مۆدەیە لە داهاتوویەکی نزیـــك دەردەکەوێت و جوانییەکی گەورە دەبەخشـــێت بە جەستەی خانمان، بۆ گشت خانمێك دەتوانن ئەو مۆدەیە بپۆشن، چونکە بۆ گشت کەسێك جوانە !



# شێوازێکی تازە لە ئەڵقەی پەنجە

جوانی مۆدەی ئێکسسوارەکان هەر یەکە بەپێی شێواز و چۆنییەتی دروســـت کردنی دەوەستێت، بە جۆرێك هـــەر ئێکســـسوارێك تایبەتمەنـــدی هەیە. جۆری ئێکســـسوارەکان زۆرن و هـــەر یەکەش بۆ لایەنێکی جەستە بەکاردەهێنرێت. یەکێك لەو ئێکسسوارە جوان و ناســـکانە بریتییە لە (ئەڵقە – ئەگوســـتیلە)ی پەنجە.

کاتێـــك ئەڵقـــەکان لە شـــێوازێکی جوان دروســـت دەکرێت، یان بە نەخشـــێکی ناسك دەڕزێتەوە دەبێتە ئێکســـسوارێکی بەرچاو لەبەرچاوی خانمان و، وەك مۆدەیەکی ناسك بەکاردەهێنرێت. مۆدەیەکی تازەی ئەڵقەی پەنجە دەرکەوتووە و شـــێوازێکی تازەگەری پێوە دیارە، ئەمەش بەهۆی بوونی بازنەیەکی جوان لە ناوەڕاستی ئەڵقەکە، لە چەندین ڕەنگ دەنەخشێنرێت، جوانی ئەو ئەڵقەیە لەم شێوازە دەردەکەوێت.



# پێکدادانی نێوان باڵندە و فڕۆکە







فڕۆکەوانی وەك ڕێگەیەکی سەرەکی بۆ گواستنەوە بەکاردەهێنرێت و ڕۆژانە سەدەها فڕۆکە لە ئاسمانی جیهان دەسووڕێنەوە لە شوێنێك بۆ شوێنێکی دیکە، لەگەڵ ئەوەی ڕێگەیەکی سەرکەوتووە کەچی ڕووبەڕووی چەندین کێشە و گرفت دەبێتەوە، یەکێك لەو گرفتە سەیرانە بریتییە لە پێکدادان نێوان فڕۆکە و باڵندەکان ئەوانەی دەکەونە بەرامبەر ڕێگاکانی هاتوچۆی فڕۆکەکان.

ئەوەی لەم وێنانە دەبینن بریتییە لە پێکەوتنی چەندین باڵندە بە پێشەوەی فڕۆکەکان، بەمەش زیانێکی گەورە دروست دەکات، چونکە بە خێراییەکی گەورەی بەیەکتر دەکەون. لە یەکێك لە حاڵەتەکان بووە هۆی کەوتنی فڕۆکەیەکی بچووك لە وڵاتی ئەمەریکا، ئەمەش کاتێك (باز)ێکی گەورە بەر پێشەوەی فڕۆکەکە دەکەوێت لە ژوورەوەو ئامێرەکان تێکدەشکێنێت بەمەش فڕۆکەکە کۆنترۆڵی لە دەست دا و کەوتە خوارەوە.

## گوڵە باڵندەکان

دەرکەوتنی کەرەستە و شتە سرووشتییەکان بە جۆرێك دەبێتە سەرسوڕمانی مرۆڤ لەوەی بەرهەمی سەرەنجراکێش و شێوەیەکی بەرچاوی لێدەربکەوێت، ڕووەکان هەر یەکە بە شێوەیەکی سەربەخۆ و جوان گەشە دەکەن، هەر یەکەش دەبێتە شتێك ئەوەی لێوەی دروست بووە، یەکێك لە ڕووەکە جوانەکان بریتییە لە گوڵ، شێوەی گوڵیش لەلای گشت کەسێك ناسراوە، تەنیا ئەو شێوە سەیرانە نەبێت چونکە لە گوڵ ناچێت.

شێوەی ئەو گوڵانە جیاوازە لە هەر گوڵێکی ئاسایی، ئەوەی ئەگەر لە دوورەوە سەیری ئەو جۆرە گوڵە بکات وادەزانێت باڵندەیە و لەسەر گوڵ نیشتووە، کەچی ئەگەر لێوەی نزیك بێتەوە تەنیا گوڵێکی جوان و ناسك دەبینێت لە شێوەی باڵندە!








## دۆلفینی پەمەیی دۆزرایەوە

دۆلفین وەك گەورەترین گیانداری دەریایی توانایەکی بەهێزی هەیە، لەگەڵ ئەوەی گیاندارێکی سەیر و بە سۆزە، بە تایبەت کاتێك لەگەڵ مرۆڤ مامەڵە دەکات. هەردەم زانیومانە ڕەنگی دۆلفین ڕەش بێت یان لە ڕەنگێکی دیکە نزیك لە ڕەنگی ڕەشە.

لە دەریاچەی لویزانا لە وڵاتی ئەمەریکا توانیان وێنەی سەیرترین دۆلفین بگرن، سەیری وێنەکە لەوەدایە، چونکە ڕەنگی ئەو دۆلفینە پەمەییە ! ئەو وێنەیە لەلایەن (ئاریك ڕۆ) وێنەکە وەگیراوە و تا ئێستاش شتی لەم جۆرە نەبووە، بۆیە دەبێتە یەکەم دۆلفین لە ڕەنگی پەمەیی!





## ٥٨ ساڵ دووگیان لەیەک جەستەدا

ڕۆژانــە چەندین منداڵی جمــك لە جیهاندا دەبن و هەر جمكە بە شــێوەیەك یان بە ڕێگەیەك لە یەكتر دەچن و شــێوەیان دەچێتەوە ســەر یەكتر، بــەڵام كاتێك حاڵەتی جمك ســەیر دەبێت كە دوو جمكەكە بە یەكتــرەوە دەبن، نموونەیەك بۆ لایەنە ئەو دوو جمكــەن ڕۆژانی تەمەنێكی زۆرە لەگەڵ یەكتر دەژیین بەبێ ئەوەی ڕۆژێك لە یەكتر جیاببنەوە. لە شــاری دایتۆن لە ئەمەریكا دوو پیاو هەر لە منداڵی بەیەكەوە دەبن و تاوەكو ئێستاش بەیەكەوەن.

دۆنی و ڕۆنی ئەو جمكەن، لە ســاڵی ١٩٥١ لە دایك بوونە و تا ئێســتا جەستەیان بەیەكەوەیە لە ســگ و بەشــێكی خوارەوەی جەســتە، بەمەش دەبن بە سەیرترین و گەورەترین جمكی بەیەكتر تا تەمەنێكی لەم جۆرەیان نزیكەی (٥٨) ساڵە ژیان بەسەر ببەن، وەك لە وێنەكاندا دەبینن چۆن هەردووكیان یاری و كاتی خۆش بەسەر دەبەن.

## پشیلە ناشرینەکەی جیهان خاوەنی ڕەوشتێکی باشە





هەموو شــتێك جوانی و ناشــیرینی هەیە، ئەوەی جوانە لەبەر چاو جوان دەردەكەوێت ئەوەی ناشــرینیش بێت بە هەمان شــێوە دەردەكەوێت. جگە لەوەی ئەو لایەنە لەلای مرۆڤ هەیە، كەچی لەلای گیاندارانیش بەدی دەكرێت، لە ویلایەتی نیوهامشــایر لە ولایەتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكا ناشــیرینترین پشیلە هەیە، شێوەیەكی ناشیرین و نا شایستە لە ڕووخساری بەدی دەكرێت.

ئەوەی دەیبینن ناشــرینترین پشیلەیە لە جیهان، ئەوەی سەیر بێت ئەو پشیلەیە خاوەن ڕەووشــتێكی بەرز و بە سۆزە تاوەكو ئێستا كاری خراپی نەكردووە ئەوەی لەبەرچاوی خاوەنەكەی بە خراپە بچێت. تەمەنی (٨) ساڵە و تاوەكو ئێستا بەو ڕووخسارە ناشرینە دەژێت.

## گەورەترین فەرش لە خۆڵ !

گشــت وڵاتانی جیهان خاوەن كاری سەیر و شتی سەمەرەن، ئەمەش لە بەهرەی ئەو كەسانە دەردەكەوێت كاتێك بیرۆكەیەكی جوانیــان دەبێت و دەیكەن بە پرۆژەیەكی گەورە بۆ ئەوەی ســوودێكی بۆ گشت جیهان هەبێت. وڵاتی ئێران بە دروست كردنی فەرش و ڕایەخــی جوان بەناوبانگە، بۆیە بیرۆكەی دروست كردنی فەرشێكیان بۆ هات لە قوماش نەبێ و بەڵكو لە ماددەیەكی دیكە بێت.

لە باشــووری كەنــاری هورمــز دەكەوێتە باشــووری ئەو وڵاتە، لەلایــەن كۆمەڵەی هونــەری شــێوەكاری توانیــان گەورەترین فەرش دروســت بكەن لە خــۆڵ، ڕووبەری ئەو فەرشــە دەگاتە (١٢٥٠) مەتر دووجا، لەگەڵ بەكارهێنانی (٩٠) ڕەنگی جیاواز بۆ جوانكردنی فەرشــەكە. بەمەش دەبێتە یەكەم كاری سەیر لە بواری دروست كردنی فەرش لە خۆڵ.








# ئەو بووکەی لە ئاهەنگەکەی دا رەشی پۆشی

بەدلە یان کراسی بووک هەردەم لە رەنگێکی سپی دروست دەکرێت، ئەمەش بە مانای بووک وەك فریشتەیەك پێناسە دەکرێت و دەبێتە شتێکی جوان و ناسك لە رۆژی ئاهەنگ، ئایا دەکرێت رەنگی کراسی بووك بگۆڕین، ئەمە پرسیارێکە و وەڵامەکەی بە بەڵێ دەبێت، چونکە لەم وێنەیە بەدڵەیەکی رەنگی پێچەوانەی رەنگی سپی دەبینین.

خانمە هونەرمەندێکی ئەمەریکی بەناوی (جەسیکا بارکەر) لە رۆژی ئاهەنگی بەدڵەیەکی رەنگ رەشی پۆشی بۆ ئەوەی شتێکی تازە دابهێنێت، بەمەش دەبێتە یەکەم کراسی رەش بۆ خانمانی بووك لە رۆژی ئاهەنگدا، رەنگە ببێتە مۆدێیەك لە داهاتوو، پێچەوانەی ئەو قسەیەش راستە!





# جوانترین وێنەی زبڵەکان

بەهرە سەیرەکان بە گشت جۆرێك دەردەکەون و هەر یەکە لە رێگەی خۆیەوە دەتوانێت بەرهەمێکی سەیر دابهێنێت و کارێکی وابکات ببێتە جێگەی سەرسامی و سەمەرەی گشت خەڵکی جیهان، بێگومان دەکرێت لە رێگەی سێبەری دەست وێنە و شێوە دروست بکەین، بەڵام چۆن دەتوانین لە سێبەری کەرەستەی فڕێدراو وێنە دروست بکەین!

ئەوەی لەم وێنانەدا دەبینن چەند وێنەیەکی سەیرە و لە سێبەری کەرەستەی زبڵ دروست کراوە، ئەمەش بە دانانی لەبەردەم رووناکی و دەرچوونی وێنەکەش لەسەر دیوارێکدا، بەمەش دەبێتە سەیرترین وێنەی دەستکەوتوو لە سێبەری کەرەستە.

# تەسریحە بۆ گیانداراێش پەیدا بوو!

شێوازی مۆدەکانی قژ و تەسریحەی تازە لە گشت کاتێکدا بەرەو مۆدەی تازە دەردەکەوێت و هەر جارێك شێوازێکی تازەی لێوە دەردەچێت، بەڵام ناکرێ شێواز و مۆدە بۆ مرۆڤ تەرخان بکەین، بەڵکو گیاندارانیش بۆیان دەبێ کاری لەم جۆرەیان بۆ ئەنجام بدرێت. ئەم گیاندارەی دەیبینن لە شێوەی بزن دەچێت و کەچی بزن نییە، بە (باکا) دەناسرێت !

لە باشووری ئەفریقیا ئەم گیاندارە هەیە و بەم شێوەیە تەسریحەی بۆ کراوە تاوەکو جێگەی جوانی و سەیری خەڵك بێت، بۆیە رۆژانە چەندین کەس لەگەڵ ئەو گیاندارە و ئەو شێوازە تەسریحەیە وێنە دەگرن و بۆتە گیاندارێکی جیهانی، بەمەش دەبێتە یەکەم گیاندار کاری تەسریحەی بۆ بکرێت.









## مەیموونێک لە چێشتخانە کار دەکات

گشت مرۆڤێك پێویستە کار بکات و هەر یەکەش بە کارێکی تایبەت یان کارێکی سەربەخۆ خەریك دەبێت، بۆ ئەوەی بژێوی ژیانی پەیدا بکات. چی دەبێت ئەگەر گیاندارانیش کار بکەن یان خزمەتی مرۆڤ بکەن ! ئەوەی دەیبینن مەیموونێکە وەك مرۆڤ کار دەکات لە یەکێك لە چێشتخانەکانی ولایەتی کالیفۆرنیا لە ئەمەریکا.

ئەو مەیموونە خواردن دەبات بۆ میوانەکان و لەگەڵ ئەوەی سەرپەرشتی سەر مێزەکان دەکات لەوەی کەسێك خواردنێك داوا بکات. بەمەش دەبێتە یەکەم مەیموون هاوشانی مرۆڤ کار بکات لە یەکێك لە چێشتخانەکانی جیهان.

## خۆشووشتن بە قوڕاو!

گشت مرۆڤێك پێویستی بە خۆشووشتن هەیە بۆ ئەوەی پاك بێت و ببێتە خاوەن تەندروستییەکی چاك، چونکە خۆشووشتن یەکەم هەنگاوە بۆ پاراستنی مرۆڤ لە گشت نەخۆشی و پیسی، بەڵام دەبێ مرۆڤ جگە لە ئاو بە شتێکی دیکە خۆی بشوات ! ئەوەی دەیبینن ڕاستەقینەیە و ئەو مرۆڤانە بە ئاو خۆیان ناشۆن، بەڵکو بە شتێکی دیکەی پیس خۆیان دەشۆن.

لە وڵاتی ئیرلەندا ئەو جۆرە خۆشووشتنە بە کۆمەڵە پەیدا بووە، لە یەکێك لە ڕۆژانی هەفتە گشت کەسێك بەشداری لە خۆشووشتنی بە قوڕ دەکەن هەر یەکەش گشت جەستەی بە قوڕاو دەبێت بۆ ئەوەی جەستەی پاك بکاتەوە، ئەوە شێتییە یان خۆشووشتن!








## ئەو شاجوانەی خۆی بە جوان دانانێت

دوای ئەوەی شاجوانی وڵاتی لوبنان هەڵدەبژێردرێت و دەکرێت بە جوانترین کچی ئەو وڵاتە، لەگەڵ ئەوەی پێشبینی دەکرێت لە پێشبڕکێی شاجوانی جیهان و گەردوون بە جوانترین شاجوان هەڵبژێردرێت، ئەوەی سەیر بێت ئەو خانمە خۆی پێ جوان نییە و پێیوایە کچ و خانمی دیکەی جوانتر هەن لەم شاجوانترن.

(ڕۆزالیتا) ئەو خانمە شاجوانەیە بە جوانی خۆی ڕازی نییە، وەکو خۆی دەڵێت : من جوان نیم و کچی دیکە هەن لە من جوانتر، بۆیە داوا دەکەم نازناوی شاجوانی وڵاتەکەم بە کەسێکی دیکەی جوانتر لە من و شایستەتر بۆ ئەو نازناوە بدرێت. بەمەش ئەم خانمە پێلاقە لە بەختی خۆی دەدات و دەیەوێت ئەو نازناوە گەورەیەی لە دەست بدات.




# شەقامی سەوز بۆ پاراستنی ژینگە

سەوزایی و گژوگیا هێمایەکە بۆ پاراستنی ژینگە و پاککردنەوەی هەوای پیس لە ژینگەدا، بۆیە لە وڵاتی کۆریا شەقامێکی گەورەیان بە ڕەنگی سەوز داپۆشیوە، بە مانای ئەوەی پارێزگاری لە ژینگە بکەن بەهۆی چاندنی سەوزایی لە ڕۆخەکانی ئەو شەقامە، لەگەڵ بۆیەکردنی سەرتاپای شەقامەکە لە ڕەنگی سەوز.

وەك لە وێنەکەدا دەبینن چۆن گشت شتێك سەوزە و ئەمەش دەبێتە شێوازێکی دیکەی شەقامەکان لەوەی ڕەنگی شۆستەکان ڕەش بێت!


## بۆ ئاســــوودەیت

☺ -جارێکیـــان کوڕێـــك خوشـــکی براژنەکەی خۆی دەخوازێـــت واتە خوشـــکی ژنـــی برا گەورەکـــەی، برا گەورەکەشـــی بە برایەکەی گوت: بۆ واناکەی خوشکی ژنی منت خواستووە و ئیتر دەبین بە خزمیش!

☺ - پیاوێك مریشکێکی هەبوو زۆری خۆشدەویست، ڕۆژێك مریشـــکەکەی دەمرێت ئەویش زۆر دەگرێت بۆ مریشـــکەکە، هاوڕێیەکی دێتە لای و پێدەڵێت: ئەو گریانە چییە بەسە، من باوکم مرد ئەوەندە نەگریام..
پیاوەکەش دەڵێت: خۆ باوکت هێلکەی نەدەکرد!

## باڵەخانەی هەزار پەنجەرە

کارە سەیرەکان لە بواری دروست کردنی باڵەخانەکان بەرەو داهێنانی تازە ڕێگەیان گرتووە و بە جۆرێك شتی سەیر و جوان دروست دەکرێت دەبێتە جێگەی سەرسوڕمانی گشت خەڵکانی جیهان. لە وڵاتی چین توانیان سەیرەترین باڵەخانە دورست بکەن، سەیری ئەو باڵەخانەیە لە زۆری ژمارەی پەنجەرەکانیەتی!
ئەم باڵەخانەیە پێکهاتووە لە (٩) نهۆم، هەر نهۆمێك (٢٥٠) پەنجەرەی تێدایە، بە هەر چوار لایەنەکانی باڵەخانەکە (١٠٠٠) پەنجەرەی لەخۆ دەگرێت، نرخی دروست کردنی ئەم باڵەخانەیە گەیشتۆتە (١٢) ملیۆن دۆلار.




## دکتۆرێک ئاگر لە جەستەی نەخۆشەکان بەردەدات


ســەیرترین جۆرە چارەسەرکردنی نەخۆشی پەیدابووە، لەگەڵ ئەوەی ڕێگەیەکی ســەیرە کەچـی ئەنجامێکی چاکی هەیـە لە بواری چارەسەرکردنی نەخۆشییەکانی ماســولکە و ئێسقانەکانی پشت. کوڕە گەنجێك لە وڵاتی هیندستان ڕێگەی چارەسەرکردنی نەخۆشی بە ئاگری دۆزیوەتەوە و تا ئێســتاش چەندین کەس لە ڕێگەی ئاگر چارەســەر بووە. ئاگری لەناوەوەی قوماشـەکە بەردەدات و لەسەر پشــتی نەخۆشی دادەنێت، تا ئەو کاتەی خۆی هەڵی دەگرێت، وەك لە وێنەکەدا دەبینن چۆن ئاگر لەسەر پشتی دانراوە!




## کەلـــوەکـــان



**کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩**
کارەکانی ئێســتا پێویســتیان بە وردەکاری و داهێنان دەبێ، بۆیە لە ڕێگەی کەسانی نزیکت پرۆژەکانت لە بیرۆکە بەرەو جێبەجێکردن ئامادە بکە، ئەوەندە گرنگی بە هەست و سۆز مەدە، چونکە داهاتووت چــاك دەبێت و دڵتەنگ مەبە.




**گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠**
ڕێگەی کارەکانت بەرەو داهاتوویەکی نزیك ڕێگە دەگرێت، بەمەش دەبێت ئاگاداری لایەنەکانی ژیانت بیت و کاتێك لەگەڵ ئەو کەسە دڵت بەسۆزتر دەبێ و لە ڕێگەی ئەم کارەی داهاتووت بەرەو باشـــی دەچێت و توڕە بوونت کەم بکەرەوە.




**دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠**
بەرەو کارێکی خێرا ڕێگەت گرتووە، بەمەش دەبێت ئاگاداری باری خۆت بیت و شـــێوازێکی تازەت بدۆزەرەوە کاتێك لەگەڵ کەسانی نزیکت مامەڵە دەکەیت، لە ڕێگەی کەسی دیکە هەوڵی پەیوەندی مەدە و بتوانە کارکانت لە ڕێگەی خۆت بێت.



**قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢**
هەڵەکانـــی ڕابردوو بـــووە هۆی داروخانی ئەو هەستەی لە ناخت بـــوو، بۆیە زیرەکانە لە داهاتووی کارەکانی دیکـــەت بڕوانە و نیازی ئەو کەســـەش لە دڵت دەربهێنە، چونکە ئەو ئاراســـتەیەکی خراپـــی هەیە بـــۆت، دڵت کـــراوە بێت لە ماوەی داهاتوو.




**شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢**
مامەڵەکردنت بـــەرەو ڕێگەیەکی خـــراپ چـــووە، بتوانـــە لـــە پەیوەندییەکانـــت ســـادەتر و ڕێگەیەکی چاکیـــش بدۆزیتەوە، لەم ماوەیە خۆشییەکی گەورە چاوەڕێتە، بەمەش دەبێ لە دەســـت خۆتی نەدەیت و شێوازی جووڵە کردنت بگۆڕە.



**گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢**
سەرکەوتن لەگەڵ ئەو کەسە بەرەو خراپی ڕۆیشـــتووە، بەمەش دەبێ چارەســـەری گرفتەکان بدۆزنەوە و ڕێگەی ئێســـتا بەرەو داهاتوویەکی نادیار دەچێت، بۆیـــە بیر لـــە ڕێگەیەکی دیکە بکە، بەمـــەش تواناکانت کارێکی دیکەی بە ئەنجام دەبێت.


ئا/ هێمن قەسرەیی

# کەلـــوەکـــان




**تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢**

ماوەیەکە خۆ بە کارەکانی کەسی دیکە خەریك کردووە و لایەنەکانی خـۆت فەرامۆش کـردووە، بــە ڕێگەیەك هەوڵبدە کارەکانت چــاك بکەیتەوە و بەرەو داهاتوویەکــی گــەورە ڕێگــە بگریت، بە قســەی کەســی دیکە توڕە مەبە و دڵت تەنگ مەکە.




**دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١**

بــەرەو هەنگاوەکانــی تایبەتی گرنگیــان پێبدە و ئەو کەســەی ماوەیەکە بێــزارت دەکات هەوڵبدە لێوەی دوور بکەویتەوە و شێوازێکی دیکە لە ڕێگەی مامەڵەکردن دروست بکە، ئەو کەسانەش لە بیر مەکە ئەوەی کارەکانی لەسەر تۆیە.




**کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١**

ئەم کاتە هەســت بە کێشــەکانت کاتێــك ئەو کەســە لێــوەت دوور دەکەوێتــەوە، مــاوەی کارەکانت دیــاری بکە و کەس لەگــەڵ خۆت بەرەو کێشە قوڵەکان تێکەڵ مەکە، شێوازی ئێستا گۆڕانکاری بەســەردا هاتووە و بەرەو ئەو کەسە لە دڵتە ڕێگە بگرە.




**گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩**

ڕێگەیەکــی تایبەتی بگرە کاتێك لەگەڵ کەســی خۆشەویســتت مامەڵــە دەکەیــت و بــەرەو ئەو هەنــگاوە ڕێگە بگرە ئــەوەی دەبێتە هۆی خۆشی و ســەرکەوتن، بۆیە بیر لە داهاتوو بکــەرەوە و شــێوازی ئێســتای کارەکانت گۆڕانکاری پێویستە.



**گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨**


ماوەیەکە خۆت خەریك کردووە بە چەنــد بیرکردنەوەیەکی خراپ بۆ داهاتووت، ئەمــەش کاریگەری دەبێت لەســەر گشــت ژیانت، بە جۆرێك مامەڵە بکە کــەس لێت دڵتەنگ نەبێت و کارەکانــت بە دڵ فراوانــی جێبەجێ بکە، بەمەش سەرکەوتوو دەبی.



**نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠**

کاتێك پێویســتیت بە یارمەتییە لە کەســێك داوا مەکە ئەوەی لە داهاتووت بۆت دەشکێتەوە، بڕیاری بە پەلە دەبێتە هۆکارێك بۆ پەشــیمانی و بەمەش ئەنجامەکان چــاك نابێت، بۆیە هەنگاوی تــازە ڕێگەیەك دەبێت بۆ ســەرکەوتنت لە گشت لایەنەکان.

ئا/ فەرهاد محەمەد ئاژگەیی



### ئاسۆیی:

١- گۆرانیبێژێکی کوردە- بینی.
٢-شاعیرێکی کوردبوو- کینە.
٣- مرۆڤ(پ)- چیایەکی کوردستانە.
٤-توخمێکی کیمیاوییە- دووپیتی هێمن- روخا.
٥- منداڵی بوو- جۆرە جگەرەیەکە- دووپیتی خەم.
٦- پیتێکی Eیە(پ)- ڕێگا.
٧- شەپرێو- پیتێکی موسیقایە(پ).
٨- تەنیشت(پ)- دووپیتی پەر.
٩- وڵاتێکی ئەوروپییە.
١٠- جۆرە دارێکە(پ)- وەکویەك.
١١- خاوەنی ئینجیل(پ)- ڕوبارێکی کوردستانە.
١٢- گۆرانیبێژێکی کوردبوو(پ).

### ستوونی:

١- گۆرانیبێژێکی کوردە.
٢- شەڕێکی ناپلیۆنە.
٣- مرور(ت)- مانگی نەورۆز.
٤- ناوێکی کوڕانە- دەستوور.
٥- شارۆچکەیەکی کوردستانە- یانەیەکی عێراقە(پ).
٦- بۆ(پ).
٧- نەقیب (ت).
٨- هاوەڵ(ت)- سێ پیتی سێوە.
٩-سێ پیتی بەنین- کوڕی پێخەمبەر نوح.
١٠- هار- شارێکی کوردستانە.
١١- خاوەنی شەو ڕۆژ(پ).
١٢-گۆرانیبێژێکی کوردە(پ).

## بۆ زاخـــاوی مێشک

بۆ زانینی ئاستی زیرەکیت، هەوڵبدە ئەنجامی ئەم شێوە شیکارە بدۆزیتەوە..

ئەم چوارگۆشانە بە پیت پڕ بکەرەوە کە لە کۆتایی ناوێکت بۆ دەردەچێت بتوانە لە ماوەی (٥) خولەکدا ناوەکە بدۆزیتەوە، ئەمەش وەك سوود وەرگرتن لەم ئاسانکاریانەی خوارەوە:

**ئاسانکاری**

- پیتی خانەکانی (١+٢+٣) کۆ بکەیتەوە بە مانای (خواردنێکە گوێدرێژ حەزی پێدەکات)
- پیتی خانەکانی (٣+٤+٥+٦) کۆ بکەیتەوە بە مانای (ڕەنگێکە، وەك ڕەنگی پورتەقاڵ)
- پیتی خانەکانی (١+٣+٦+٧+٨) کۆبکەیتەوە بە مانای (کەرەستەیەکە پارە و شتی دەخرێتە ناوی — لە گیرفانی زۆربەی کەس هەیە)
- پیتی خانەکانی (١+٢+٣+٤) کۆ بکەیتەوە بە مانای (کەرەستەیەکە لەناو ئۆتۆمبێل هەیە کاری گەرمی و ساردی دەکات)!

* وەڵامی ژمارەی پێشوو وشەی (گەردەڕش) بوو